رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
10-4-2007 22:03 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## زەنگەکەی موحسین جوامێرو زەنگێکی تریش...! خالید هەرکی



برای نوسەر کاک موحسین جوامێر لە نوسینێکی دا لە ژێرناوی (ئەوانەی کوردستانیان دابەش کرد و ئەوانەی زمانەکەمان دابەش دەکەن.. یەکن) رۆژی 2007-04-10 لە مالپەری کوردستاننێت دا بلاو کردۆتەوە، بابە تێکی وروژاندوە کە زۆر لەمە زیاترباێەخ ومەترسی لەخۆ هەلدەگرێ دەکرێ بلێم زەنگێکی بۆ کاربەدە ستان و رۆشەنبیرانی گەلەکەمانی لێداە، من وێرای پشتگیری کردنم لە بۆچونەکانی برای نوسەرم دەمەوێ بۆ زیاتر هەستکردن بەم مەترسیەوە کەمێکیش دەولەمەند تری کەم.

زەنگەکەی کاک جوامێر ئاماژە بەو مەترسیانەدەدات کە لە ئەنجامی ووردکردنەوەی زمانی کوردیدا لە بەکارهێنانی شێوازی سەرجەم دیالکتیکە کوردیەکاندا بۆ کاری سیمینار وکۆرو دانیشتن دواتر کار کردن بۆ خوێندن وئینجا کاری وەرگێران (تەرجومەیی) بۆسەر شێوەکانی تر، ئەم کارە لەداهاتو زمانی جیاجیا لە کوردی وەدەردەکەون لە ئەنجام هەم کوردیەکەمان پێ لاوازدەبێ هەم میلەت لەت وپەت دەبێ هەم ناسنامەی هەردولاشمان دەکەوێتە قالبی گومانەوە. لە ناو باسەکەیدا دوای ئەوەی باس لە چەند دیمانەو کۆرێکی نوسەران دەکات کەچۆن کار بۆ لەت کردنی زمانی کوردی دەکەن لە بن پەردەی جیا جیادا.

هەندێک لە خەتاکان یا بە سوکتر بلێین کەمتەرخەمیەکان لە گوێ نەدانە ئەم بابەتە دیارە کوردەکانی دەرەوە بە نمونە دەهێنێ کە ئەوان لەگروپی پێشەوەی پێشێلکاریەکانن و زیاتر ئەم رێچکە هەلە یەیان گرتۆتەبەر، من نوسینەکەم بۆ ئەوە نیە بۆ چونەکانی کاک موحسین رەت کەمەوە بەلام ئەوەی من ئاماژەی بۆدەکەم و بەزەنگی دوەمی دادەنێم لەیەک دور کەوتنەوەی یا لەت کردنی گەلی کوردە لەسەر بنەمای کوردی ناوەوە و کوردی دەرەوە (کوردی خارج) .. ئەم شێوازە لەت کردن و لەیەک دورخستنەوەیە، ماوەی چەند سالێکە کاری لەسەر دەکرێ و لە دوای سالەکانی 2000 یش کاری پێ دەکرێ لەیەک دورکەوتنەوە لە شێوەی کەلتور لەشێوەی بیرکردنەوە و شیوەی عەقلیەت و لەم دواییەشدا شێوەی کارکردنیشی لێ وەدەرکەوت ئەوەی کار بۆ لەت کردن و لەیەک دورخستنەوە دەکات بەر لەهەمولایەک من پێم وایە دەسەلاتە سەدان بەلکو هەزاران بەلگە ونمو نەی زیندو وداکومێنتیم لەم بابەتەوە لەبەر دەست دایە هەولو تەقەلای کوردانی دەرەوە لەم چەند سالەی دوایی بۆ لەیەک نزیک کردنەوە ودوبارە تێکەلاو کردنەوەی رۆلەکان لە ژمارە نایەن، ئەگەر نەلێم گشتیان بەلام بەشە هەرەزۆرەکەی نەزۆک وبێ هودەبون.. من پشت بەم راستی وبەلگانەی خۆم دەبەستم و دەلێم چونکە بەدلنیایەوە دەسەلمێنم کە دروست بونی ئەم دو بالە (کوردی ناوەوە و کوردی خارج) لە ئەستۆی دەسەلات دایە بۆیە بەدلنیایەوە دەلێم زەنگەکانی کاک موحسین جوامێر یش هەردەسەلات دەگرێتەوە بەر لەوەی چینی رۆشەنبیر بگرێتەوە زەنگەکەش لەشوێن خۆیەتی.. ئەم کار وئەرکانە هەر لەلایەن دەسەلاتەوە رێ خۆشیی بۆ دەکرێ و هەر بەدەسەلاتیش رێگیریی لێ دەکرێ، کەوایە وریای ئەم زەنگانەبن هەتا کار لەکار نەترازاوە. ... هۆلەندا.. لە 10. 04. 2007

www. serben. com
khalidherki@chello. nl

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.